# بێ کەرکوک کوردستان هیچ نیە

ئامادە کردنی: بەختیار کەریمی

کارناسی رۆژنامەوانی

## پێشەکی:

هەر نەتەوەیەك لە درێژەی خەباتی سیاسی و نیزامی بۆ بەدەسهێنانی سەروەری و سەربەخۆیی ئامادەی هەر چەشنە گیان بەخت کردن و تێکۆشانێ دەبێت تاکو بتوانێ ئەو لاپەڕانەی لە مێژویی کە دەکەوێتە بەر دەستی داهاتووەکان بە سەرفەرازی و سەربەرزیەوە بخوێنرێتەوە و جێگای گلە و گازەندەی بۆ خاس و خراپ نەهێشتبێتەوە، مافی بەرەی داهاتووە کە ژیانێکی سەربەرزانەی ببێ و نەکەوێتە بەر تانە و تەشەری ناحەزان. پێویست دەکات بەرەی ئێستا ئەرکی خۆی بوێرانە ئەنجام بدات و بەڵگە جێ شانازیەکان لە گۆڕەپانی هەر چەشنە مامەڵەیەکی سیاسیدا نەکاتە قوربانی بەرژەوەندی و کەم تەمەن.

جیا لە هەرچەشنە دروشمێ کە کەرکوك دڵی کوردستانە و بێکەرکوك، کوردیش بوونی نیە، گرنگ ئەم مەسەلەیە کە کەرکوك کلیلی خەزێنەی سەروەری و سەربەرزی لە خۆ حەشارداوە و تەواو هەواڵەکان بۆ بە چنگ‌خستنی ئەو کلیلەیە. بێگومان بەدسهێنانی، رێك ئەم دەستەواژانە دەگرێتەوە، سەربەخۆیی ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی، دیبلۆماسی بە هێزی کورد لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا و بە ئاکام گەیشتنی خەبات و تێکۆشانەکان، بە فیڕو نەچوونی خوێنی شەهیدانمان، لە دەس دانی ئەو بەلگەیە، مۆری بە تاڵ بوونەوە بە سەر ئەو دەستەواژانە تۆمار دەکات و شکست، ژێردەستەیی، کۆیلایەتی، فەوتان، بەکۆنۆلیال بوون، دواکەوتنی ئابووری، وێران بوونی کەرامەتی نەتەوەیی لە ئاست نێونەتەوەیی و لاواز بوونی دیبلۆماسی و ترسمان بۆ بەدیاری دێنێ.

گرنگی بابەتەکە لەمەدایە کە لە گۆڕەپانی تەم و مژاوی و بەرژەوەند خوازانەی دەسەلاتە بەرامبەرەکان یەك ئامانج وەکو ستراتژی بۆ بێدەسەلات کردنی ئێمە لە ئارادایە و هێرەمی شومی ئەو سێ دەسەلاتەی دەورووبەرمان بە نهێنی و ئاشکراوە هەوڵیان بۆ چەسپاندنی تاپۆیەکی دروستکراوی شومن و لەم بەینەدا گێرە شێوێنی نارێکترین سیاسەتی عەمەلی ئەوان بووە.

لە مێژووی ژیانی سیاسی هەر نەتەوەیەك دەرفەت و حاڵەت و چرکەسات گەلێك دێتەپێش کە ئەبێ بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەربگیرێت.

کەرکوك و مێژووی پڕ لە ئازاری رابردوو و ئێستای، چاوەروانی داهاتوویەکی بە دوور لە هەر چەشنە توندڕەویەکە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی رۆڵەکانی خۆیەتی بە خێرایی، چونکو لە حاڵی حازردا نە سەدامێك بوونی هەیە و نە نوێنەرانی

شەیتان لە سەر خاکی کوردستان ئەو چرکە ساتە، ئەو دەرفەتەی کە ئێمە چاوەڕوانی بووین، هەر ئەم کاتەیە، ئەبێ لە دەستی نەدەین.

ئایا تاکو ئێستا ئەم پرسیارەتان بۆ پێش هاتووەکە ئەگەر کەرکۆك لە دەس بدەین چی دەقەومێ؟ نووسەران و خاوەن بیرانی کوردستامی ڕۆژهەلاّت ولاّمی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.

**مەسعوود بینەندە، نووسەری کوردستانی ڕۆژهەلاّت ئەڵێ:** لە سەردەمی پڕتاو بوونی پرۆسەی جیهانی بووندا، ئابووری و جولاّنەوەی ئازادی سەرمایە هەموو سنوورەکانی بەزاندووە و تەنانەت دەسەلاّتی سیاسی کە پێشتر لە شێوازی ژیوپۆلۆتیکدا دەوری سەرەکی دەگێڕا، جێگای خۆی داوە بە هێزی ئابووری لە شێوازی ژیوئیکۆنۆمیدا. لە ئەمرۆدا ژیوئیکۆنۆمی، دیاریکەر و دابینکەری هێز و دەسەلاّتی سیاسیە.

کە وایە کەرکوك وەکو دەوڵەمەندترین ناوچەی نەوتی لە چۆنیەتی دەسەلاّتی کوردی و هەروەها لە هاوسەنگی دەسەلاّت لە ناوچەکەدا ڕەوتێکی ئەوتۆ دەگێڕێ، هەر بەم بۆنەوەیە کە ئەڵێن کەرکوك قودسی کوردستانە، واتە فەلەستین بە بێ شاری قودس بۆ فەلەستی‌نیەکان مانای نیە و کوردستانیش بۆ کورد، بێ‌کەرکوك کوردستان نیە. دابڕانی کەرکوك لە کوردستان لە درێژەی پرۆژەی دامەزراندنی کوردستانێکی بچکۆلە و لاوازە کە نەتوانێ لە بەرانبەری دەسەلاّتەکانی ناوچەکەدا دەنگ هەڵبڕێ و بە تەواوەتی لە باری ئابووری و سیاسیەوە پشت بەست بەو دەسەلاّتانە بێ. لە باری ڕەمزیەوە کەرکوك سەمبولی تەعریب و کوشتن و قەلاّچۆ کردنی کوردە. دابڕانی ئەو شارە مەزنە لە سەرزەین و دەروونی مرۆڤی کورد کارگیەریەکی رووخێنەری ئەبێت. ئەمە راستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە وەکو «مام جەلال» وتویەتی: ئەگەر ئێمەش (کوردەکانی باشوور) لە کەرکوك دەس هەڵبگرین، کوردەکانی پارچەکانی‌تر دەستی لێ هەڵناگرن. پرۆژەی دابڕاندنی کەرکوك لە کوردستان کێشەی کورد (لە باشوور) بە چارەسەر نەکراوی دەهێڵێتەوە و دەبێتە هەوێنی شەڕێکی درێژخایەن لە ڕۆژهەلاّتی ناویندا. کەرکوك دابینکەری هاوسەنگی هێزەکان لە ڕۆژهەلاّتی ناوینی گەورەدایە و کەوایە تەواوی دەسەلاّتەکانی ناوچە لە سەر ئەوە ڕێکەوتوون کە کەرکوك لە کوردستان جیا بکەنەوە و حاشا لە کوردستانی بوونی کەرکوك بکەن. بەلاّم کەرکوك کانگایەکی ئاگرە و هەر لایەنێ بە چاوێکی داگیرکەرانەوە بۆی بڕوانێ خۆی تووشی ئاگر و سووتان دەکات.

**موختار ئەحمەدی نووسەری دانیشتووی شاری مەریوان سەبارەت بە گرنگایەتی پاراستنی کەرکوك وەکو کلیلی خەزێنەری سەروەری و سەرفەرازی کورد ئەڵێ:** «کەرکوك وەکو یەکێك لە شارە گەورەکانی کوردستانە، چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابووری و کۆمەلاّیەتی و ڕۆڵی سەرەکی دەنوێنێت لە ناساندنی کورد بە ولاّتانی جیهان و لەمانە گرنگتر، کەرکوك کارتی پێناسەی خەڵکی کورد و جەماوەری کوردستانە واتا ئێمە وەکو کورد بە بێ کەرکوك

پێناسە ناکرێن و تووشی قەیرانی سیاسی دەبین و بەڕای من لە دەس دانی یەکسانە لەگەڵ لە دەست دانی تەواوی کوردستان و من وا ئەزانم پارتی دیموکرات بە باشی پێداگری نەکردووە لە دروشمی «کەرکوك دڵی کوردستانە» و یەکێتی نیشتمانیش قودسی کوردستانەکەی لە بیر چووەتەوە. هەر بۆیە خەڵکی ئەبێ گوشار بخەنە سەر ئەو دووپارتە کە هەڵوێستی بە هێز بگرن لە سەر کوردستانی بوونی کەرکوك».

کەرکوك دوایین وێستگەی دابەزینی بە شەرەفانەی دیبلۆماسی ئەم سەدەیە دەبێت و لە وێدایە کە دەتوانین بەرنامە سیاسی، کۆمەلاّیەتی و ئابووری‌یەکانمان سامان بدەین. هەر بۆیە بەدەسهێنانی دووبارەی ئەو مەڵبەندە مەزن و پیرۆزە نیازی بە پشتیوانی هەمە لایەنە هەیە و لەم بەینەدا میدیا کوردیەکان ئەبێ کەناڵی پەیوەندی بۆ ناساندنی ئازار و رەنجەکانی کەرکوك بۆ تەواو جیهان دروست بکەن، بەڕێوە بردنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی «تەعریب» بە پشتیوانی میدیاکان و بانگهێشتی کەسایەتیە ناودارەکانی جیهان بۆ تێڕامان و بەشداری کردن، بێگومان کارتێکردنی دەبێ بۆ دروست کردنی زەینیەتێکی رەوا بۆ خواست و بانگەشەکانی ئێمە لە سەر کەرکوك. بە هەر حاڵ چ پێمان خۆش بێت یان پارتە کوردیەکان پێیان خۆش نەبێت وەکو ترسێ لە دەس دانی کەرکوك لە سەر کورسی مامەڵەی سیاسی لە ئارادایە و ئەبێ تەواو هەوڵەکان بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئەم حاڵەتە بێت.

**سەباح نیکخا، شاعێر و نووسەری کوردستانی رۆژهەلاّت سەبارەت بە لەدەس نەدانی کەرکوك و ئەو رێگا چارانەی کە دەتوانێ لەم بارودۆخەدا کاریگەرێتی ببێ ئەڵێ:** «بێگومان دنیای عەرەبی شۆڤێنی و ولاّتە دراوسێکانی کوردستان هەر یەك بەجیا و لە بەر بەرژەوەندی خۆیان لە ناوچەکەدا، هەرگیز چاویان بەوە هەڵنایەت کە کەرکوك بلکێندرێ بە کوردستانەوە و بە درێژایی ئەم دوو ساڵە (لە پێش دەست پێکردنی شەڕی عێراقەوە تا ئەمڕۆ) هەر جار بە چەشنێك حازر بە گێرە شێوێنی لە مەسەلەی کەرکوکدا بوونە و تەنانەت تورکیا تا ئاستی هەڕەشەی دەستێوەردانی نیزامیش چوەتە پێش. بە لە بەر چاو گرتنی ئەم هەل و مەرجە و ئەمەی کە پەیوەندی‌یەکان جیهانی ئەمڕۆ بە تایبەت لە بواری سیاسی‌دا لە سەر (بەرژەوەندی) بنیات نراوە زۆر ئاساییە ئەمریکا و هاوپەیمانان لە نێوان گۆللە باران کردنیان لە عێراقدا بە گوڵ باران کردنیان لە کوردستاندا جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ دانەنێن، بەلاّم کوردستانی بوونی کەرکوك بۆ هەموو بەڵگە مێژووییەوە و بۆ هەموو خوێنەی بۆی رژاوە شتێك نیە بە هەڕەشە و گوڕەشەی نەیارانی بۆ گەلی کورد بۆ چەن کەند و کۆسپ لەڕێدا بتوانین چاوپۆشی لێبکەین. بۆ کورد تەنیا یەك بنەما هەیە هیچ مامەڵەیەك لە سەر کەرکوك ناکرێت شارێك بە شوناسی کوردی‌یەوە و دڵی کوردستانە. لە راپەڕینی(٩١)ە وە بە گشتی و لە کاتی دەسپێکردنی سەرەوە بە تایبەتی کورد کاریگەرترین هێزی سیاسی و نیزامی بووە لە عێراقدا و ئەیتوانی بە جدییەتێکی زۆرترە کارێك بکات کە ئەمڕۆ کەرکوك بە کێشە و قەیران ناو نەبرێت و لە دیکەی

بوارەكانیشدا وەكو بەشی كورد لە دەسەلاتدا- یاسای بنەڕەتی- مەسەلەی فیدرالی- پەیوەندییەكانی كوردستان و دەرەوە و .... زۆر شتیتر.

مەودای مانۆری كورد لە عێراقدا بەرتەسك و بەرتەسكتر نەبێتەوە. پارێزگاری دیالەكە جدیيەتێك لە لایەنی كوردەكانەوە بەدیناكات دێت و لەو پەڕی سووكایەتیەوە داوای دەڤەری خانەقین و گەڕانەوەی عەرەبەكان دەكات. بەم كەمتەرخەمیەی سەركردایەتی سیاسی كوردەوە ئەبێ چاوەڕوانی زۆر شتی لەو چەشنە بین تەنانەت لە دەستدانی كەركوك وردە وردە پاشەكێشی كردن لە دەستكەوتەكانی راپەڕینە. بە لە بەر چاوگرتنی ئەو دوو خالەی كە لە سەرەوە باسیان لە سەر كرا (واتە حەساسیەتێك كە لەو دیوی هەرێمی كوردستانەوە لە سەر كەركوك پەیدا بووە و لاواز بوونی گوتاری كوردی بەرامبەر بە مەسەلەی كەركوك) بۆ قەرەبو كردنەوەی ئەو كەمتەرخەمی و هەلەیانەی تا ئێستە كراون ئەتوانین ئەم رێكارانە بگرینە بەر:

١-بەشداری نەكردن لە سەرژمێری و هەلبژاردندا، خۆپیشاندان و مانگرتن و... تاكو حكومەتی عێراقی كێشەی كەركوك وەكو شارێكی ١٠٠٪ كوردی و لە نێو سنووری حكومەتی فیدرالی كوردستاندا بە شێوەی رەسمی چارەسەر بكات.

٢- ئەگەر بڕو بیانوو و یەكگرتنی ئەو دوو ئیدارە! با لانی كەم لێژنەیەكی هاوبەش بۆ كاروباری كەركوك دابنرێت و بە یەك گوتار و یەك هەلوێستەوە لە كەركوكدا كار بكرێت.

٣- بە هەر نرخێك (تكا، پارە، گوشار، زەبرو زەنگ) سەرجەم ئاوارەكان و لە سەرووی هەموويانەوە ئەو كەركوكیانەی كە پلە و پایەی بەرزی حكومی و حیزبیان هەیە (ئەگەر بە شێو كاتیش بووە) بگەڕێندرێنەوە تا هەم لە هاوكێشەكانی ئەوێدا كاریگەر بن و هەم دلگەرمیيەك بن بۆ خەلكەكە.

٤- ئەو گوتارە یەكگرتوە كوردیە بە كۆبوونەوە و گوشار خستنە سەر دام و دەزگاكانی راگەیاندن تاكو حكومەتی عێراقی ناچار بكات بە دابینكردنی مال و حالیان لە ناوچە عەرەبنشینەكاندا، عەرەبەهاوردەكان بگەڕینەوە.

٦- دەسەلاتی كوردی لە باری سیاسی- ئابووری و ئاسایشەوە پشتوانی لەو ئاوارانەی ئەگەڕێنەوە بۆ كەركوك بكات لە بەرامبەر هەڕەشەی توركمان و عەرەبەكانی ئەوێوە و ئیمكانی ئەوەشیان بۆ بڕەخسێنێ تا بە دامەزراندنی رۆژنامە و تەلەفزیۆن كۆڕ و كۆمەلی جۆربەجۆری مەدەنی و روناكبیری لە بواری كۆمەلایەتیەوە چالاكی بكەن و بەرەبەرە شوناسێكی كوردی بدرێتەوە بە كەركوك.

٧- كوردەكانی ناو ئەنجومەنی شارەوانی و دایەرە جۆربەجۆرەكانی ناو شار و هێزی پۆلیسی كەركوك (كە زۆربەیان بە چەشنی خۆ بەخش و بێ هیچ چاوەڕوانی و موچە و بەراتێك كاردەكەن) زۆرتر پشتیوانیان لێ بكرێت و رێژەیان زیاتر بێت.

لە حالّی حازردا وەكو راستی‌یەك دوو پارتی ناوداری كوردستان بەرپرس و دەورگێڕی، چارەسەر كردنی كێشە و گرفتە سیاسی‌یەكانی كوردستانن و پێویست دەكات كە بە روونی هەڵوێستیان لە سەر كەركوك بە ئاشكرایی رابگەینن، گەر بێتو لەم بینەدا كەمتەرخەمی یان هەڵەیەك بكرێت بێگومان ئەمان ئەبێ وەڵامدەری نەوەكانی داهاتوو بن. لەمانە گرنگتر بۆ ئەو مەبەستە واتا هەڵوێست گرتنی روون، پشتیوانی و پاڵپشتی كردن بیروڕای گشتی جەماوەری كوردستانیە سەبارەت بە چارەسەر كردنی گرفتەكانی كەركوك ئەمە بە راستی گەورەترین هێز و ورەیە بۆ شەرعیەت دان بە هەر چەشنە كردەوەیەك لە ئاست بەرژەوەندی خەڵكی‌دا، بگرە ئەم كردەوەیەوە توند و تیژیش بێت. چونكو ناچارین، ناچار كە كەركوك بە دەس بێنینەوە بابەتێكی دیكە ئەمەیە كە تەواو خەڵكی عێراق دەزانن و ئاگادارن چی لە كەركوكدا قەوماوە، چلۆن ئاسەواری ژیانی كوردان لەو ناوچە بە توند رەوانەترین كردەوەی نامرۆڤانە لە ناو چووە. زەینی مێژویی عەرەبی بیاوان گەردی عێراق كە لە سای سەدام لە كەركوك بوونە شارنشین هێشتا ئاە و نزاكانی بێ‌تاوانانی كەركوكی لە یاد ماوە و فەرامۆشی نەكردووە. بە پێی مێژوو هەڵوێستی توند گرتن لە عێراق، بۆ بەدەس‌هێنانی بەرژەوەندی زیاتر هەمیشە لە ئارادا بووە، نمونەكەشی سەدرو برا موسڵمانەكانی بووە، بە هەرحاڵ ئەو دوو ئیدارەیە ئەبێ پرۆسەی گەڕاندنەوەی كوردانی كۆچە پێكردوو بە پشتیوانی ماڵی و نیزامی و مەعنەویەوە دەست پێبكەن و بێگومان ئامریكا چاوەڕوانی ئاوەها كارێكە لە لایەن ئەو دوو پارتەوە هەرچەند بە ئاشكرایی باسی ناكات بەڵام ئەبێ خۆمان ئەمە هەست پێبكەین.

**جەمشید بەهرامی سەبارەت بەوەی كە ئەو دوو پارتە چلۆن ئەم قۆناخە ناسكە بە سەروەری تۆمار بكەن ئەڵێت:**

«ئیدی بەسە دوو ئیدارەیی بادڵمان نەوەستێ. كریس‌كوچێرا وتەنی، گەورەترین چارەڕەشی گەلی كورد كە تا ئێستا بەو مافە رەوایانەی خۆی نەگەیشتوە، شتێك نەبوە لەوەی تا ئێستا نەیتوانیوە لە مێژوی خۆی عیبرەت بگرێت واتە هەڵەگانی دوا لە دوای یەك دووپات بوەتەوە. مێژوی كوردستان پڕە لە هەڵەی رەنگاوڕەنگ و زۆرجاریش هەڵەكان دووپات بونەتەوە، یەكێك لە گەورەترین هەڵەكانی ئەو ئیدارەیە كە دەیبینین لەم قوناخە كە بێ كەركوكی بۆ كوردستان واتە نەبوونی كوردستان و كەركوكیش كە بە دڵی كوردستان ناسراوە بەردەوام بوونی ژیان لە كوردستان بێ كەركوك نایە ناس كردن كە وایە ئەبێت بە دڵ و گیان بپارێزرێت ئەمەش بێ یەكگرتویی و یەك دەنگی هیچ مانایەكی نیە»

لەم قۆناخەدا ئەم قورساییە ئەکەوێتە سەرشانی حیزبەکان و بە تایبەت پارتی و یەکێتی و هەروەها سکرتاریەتی دوو حیزب کە مام جەلال و کاك مەسعوودە. پارتی و یەکێتی ئەگەر پێداگری لە سەر داخوازەکانی گەلی کوردستان وەك سەرۆکانی گەلی کوردستان بکەن ئەبێ ئەم خالانەی خوارەوە لە بەرچاو بگرن.

١- لابردنی دوو ئیدارەیی

٢- بڕوا و دلخۆش نەکردن بەرەگەزی عەرەب (چونکو بە درێژایی مێژو تا ئێستا لە سەر نەمانی گەلی کورد بە تەواو ماناوە تێکوشیون)

٣- هەولدان بۆ سڕینەوەی تاپۆی شوومی تیرۆریستەکان لە کوردستان و بە تایبەت کەرکوك

٤- هەولدان بۆ باشکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ ولاتە دراوسێکاندا بۆ بە رەسمی ناساندنی داخوازییەکانی گەلی کورد

٥- برایەتی، برایەتی، برایەتی

راستە کەرکوك دلی کوردستانە، ملکی کوردانە و بە درێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی زولمی دەرهەق کراوە، ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیە و ئەو دیویتری بانگەشەی بەرامبەرەکانمانە سەبارەت بەو شوێنە، ئایا ئەوانیش دەزانن کەرکوك بەدڕندانەترین شێوە کەوتە بەر هێرشی نامرۆڤانە؟ بەلێ دەزانن، بەلام گرنگ نیە بۆیان کە کورد لە کەرکوکدا چی بەسەر هات و چلۆن قەلاچۆ کران. گرنگە بۆ ئەوان، نەوت و لایەنی ئابووریەکەیەتی و بەس، لە حالێکدا لە باری مێژویی، سیاسی، کۆمەلایەتی و ئینسانی و فەرهەنگی یەوە، ئەوان هەقی هیچ جورە بانگەشە و بیرورا دەربڕینێکیان بۆ نیە ئەبێ، ئەم مەسەلەیە بە زووترین کات یەك لا بکرێتەوە.